www.kurdistannet.org
23/07/2003 00:01

# مەگەر بە خەو

کاروان ئەنوەر

رێم کەوتە دادگایەکی ئەم کوردستانە، بەڵام چ دادگایەك! هەر دەتوت رۆژی حەشرە، بەڕاستی باس ناکرێت، چونکە تۆ کە گوێت لەم باسەی من دەبێت وا دەزانیت ئەمەم بە خەو بینیوە. .

هەر کە سڵاوم لە حازری کرد، کەس وەڵامی سڵاوەکەی نەدامەوە، ئەوسا زانیم کە حازران هەموو مەسول و پیاوی بەرزن چونکە ئەوان وەڵامی سڵاوی خەڵکی رەش و رووتی وەك ئێمەو مانان نادەنەوە، بۆیە منیش هەروەك خولیایەك لێیان چوومە پێشەوە تا بزانم ئەمانە بۆچی هەموو لە یەك رۆژدا ئەم دادگایە کۆی کردوونەتەوە و ئاوها شپرزەو پەشۆکاون، تاقم تاقم سەریان بە یەکدا کردوەو هەر خەریکی ورتە ورتن. .

سەلامی عەبەی ئەنفالچیم ناسیەوە پاش دوانزە ساڵ، وتم ها کاك سەلام بەخێر بێیتەوە ئەوە خەیرە وا لە دادگایت؟ ژنێکی تر دەخوازیت یان ماڵ و سەیارە تەحویل دەکەیت یان ملێکی تر دەشکێنیت؟ رووی لێوەرگێڕام و روەو ژوورێکی تاریك ملی نا، پاش کەمێك بە باڵ بەستراوی و تورەکەلەسەر هێنایانە دەرەوە. .

لەولاوە مامۆستا بیابان راستی م بینی وتم ها کوڕی باش سەرۆکی فەرماندەش نەما تا وتارەکانی بکەیت بە نامیلکەو بە دینارەکانی ئەوان قات لەسەر قات خانوەکەت بەرز بکەیتەوە! بۆڵەیەکی کردو بەدەم رێگاوە وتی بەخوا یەك تورەکەم لەسەر بکەن پڕی یەك تورەکە ناویان دەدەمێ بۆ تۆ وادەزانی تەنها من خەریکی ئەو کارە بووم؟

ئای لە حەمە شەرابی!! باشە خۆ تۆ لەبەغدا نەبوویت لێرە چی دەکەیت داماو تۆ تاکە کێشەت لەگەڵ خواردنەوە هەبوو، ئەوساتەی سەرمەست دەبوویت ئنجا قەریحەی ئەمنی قەومی کوردو چارەسەری کێشە ئەزەلییەکانت لەسەر مێزی خواردنەوە دەدۆزییەوە، بۆ بەیانی خوا وەکیل هەموو بیرۆکەکانی کە بەسەرخۆشی بۆت هاتبوو دەتخستنە بەر باس ولێکۆڵینەوە لەو کۆبوونەوانەدا کە چەندین ساڵی خایاند؟ ئەویش وتی جا من بەسەرخۆشیی چارەسەریی کێشەی کوردم کردوە خۆ ئەنفال چی نەبووم.

بەدەم جنێودانەوە ساباتی ژنانم بینی ئەو پیاوەی هەموو جارێك شانازی بەخۆوە دەکرد و دەیوت ئەوەندە پیاوم لەناو هەزار ژندا دیارم بەڵام لەبەردەم یەك ژنیشدا دەکەوتە سەر ئەژنۆ و دیار نەدەما و بە لایەوە گرنگ نەبوو هەرچی نهێنی ناو پۆستە گرنگەکەی هەبوو لەگەڵ یەك پێك شەرابدا بینۆشێنێت بە سین خان یان بە خاتوو صاد بەڵام وادیارە ئەمڕۆ ئەویش کەوتوەتە ناو فاقەکەوە بۆیە زۆر بە مات و مەلوولی بینیم، تەنها خۆمم نیشان دا بەڵام وادیاربوو بینینی دەم وچاوی من ئەوەندەی تر باری لەشی گرانترکرد. .

لە سوچێکی تاریکیشدا حەمە جەربەزە خۆی گرمۆڵە کردبوو، دیاربوو ئارەقەی شەرمی لێ دەچۆڕا و تێکەڵی ئەو قەوم وقیلەیە نەبووبوو، پێم سەیربوو ئەو کەسەم لەو دادگایەدا بینا کرد، بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر شەرم لەخۆی نەکات من وێڵم کردوو گوێم لێبوو دوو کەس لەبەر خۆیانەوە دەیانوت دەڵێن حەمە جەربەزەش ناوی هەیە، ئەی باشە ئەوە ئێمە پاشەڵمان پیسە، خۆ ئەو لە هیچی کەم نەبووە ئەم حەیاچوونەی لەپای چی بووە؟

هەروا بەدەم پیاسەوە لەمسەر بۆ ئەو سەری داڵانەکم تەی کرد و زۆر بە جوانی چاوێکم کردبووە چوار چاو، بڕوا بکەن کەس و خەڵکانی ئەوەندە سەیرم بینی خۆیشم وتم رەنگە ئەمە خەو بێت بۆیە یەك دوو زللەم لە روومەتی خۆم دا تا ئەگەر خەونە راپەڕم، ئەوەندە خۆش بوو هەر وەك شێت دەستم بە هاوارکردن کردو وەختەبوو سەرچۆپیەکەش بگرم. .

لەو ساتەدا کەسێك لەدواوە شانی رادەتەکاندم، بەڵام ئەوەندە بینینی ئەو دەم و چاوە زەلیلانەم پێ خۆش بوو من هەر خەریکی هات و هاواری خۆم بووم و ئاوڕم لێ نەدایەوە، لە پڕ دەنگی دایکی مناڵەکانم قوڕو قاپی کردم وتم شاهی نەقشبەند دەبێت ئەو لەم دادگایەدا چی بکات؟؟؟؟

كاتێکم زانی به لاسەرمەوە وەستاوە و پەرداغێك ئاوی بەدەستەوەیە، منداڵەکانیشم بەدەم گریانەوە شانم رادەتەکێنن، وادەزانن باوکیان شێت بووە، ئەو بەدەم بۆڵەوە وتی ئەو پەرداغە ئاوە (نۆش) بکە کردینت بە سینەمای عالەم، ئێستا خەڵکی گەرەك دێنە سەیرمان، چەند جارم پێ وتیت بە شەودا پیاز مەخۆ با خەوی هەڵەج و بەڵەج نەبینیت. . ها. . بگرە.

پەرداغە ئاوەکەی دایە دەستم و بەدەم بۆڵە بۆڵەوە وتی توخوا ئەمە حاڵە ئەم پیاوە هەموو شەوێك دەمانکات بە دوڕاجی بلێ ئەم هەموو خەوە سەقەتە چییە دەیانبینیت. . !!

منداڵەکانم بە دەم وچاومدا ئەبلەق ببوون، هێشتا هەنسکی گریان لە قوڕگیاندا مابوو، کچەکەم وتی بابە ئاوەکەت بخۆرەوە و چوە سەرجێگاکەی خۆی، کوڕەکەم کە تەمەنی دووساڵانە وتی بابە پشەکە خواردی؟

-وتم نەوەڵڵا پشەکە (. . .) .

-ئەی کوا پشەکە؟

-پشە نەبوو، خەو بوو.

-خەو بوو؟؟!!

-بەڵێ خەو بوو.

دوور بێ لە رووتان جرتێکی کاتمی لێداو رایکردە سەر جێگاکەی خۆی. .

karwananwar@yahoo. com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت www.kurdistannet.org